# شانزه ساڵه ئەم ئیپمراتۆری وەهمە
# دەستی لەسەر سکی تێره

ئیسماعیل کەریم
ئەلمانیا
halabjayi@hotmail.com



نیشتیمانە سوتاوەکەم
ئەمشەو گەردەلولێکی ڕەش
ڕەش هەر وەک بەختی هەڵەبجە

لە چاوەڕوانیم هەڵ دەکا
بۆ هەمیشە تولە ڕێگە و
شەقامەکانی خۆش بەختیم
لێ وون دەکا
ئاوەزەی ئەوەی نامێنێ
بەسەر بانێژەی ئومێد و
درەختی هیوای ئایندە هەڵبنیشێ
لەگەڵ هەموو زستانە نسرمەکاندا
لە خوباری تۆز لێ نویشتوی ساڵەکاندا
لەگەڵ بەڵێنی بێ وادەی پارتەکاندا
دەستەو یەخە لە جەنگدایە
لە جەنگی مان و نەماندا
لە دژی بەرەی شەڕ و تێر
بۆ ئاسۆی بەرەی برسی و خێر
شانزە ساڵە
پارچە پارچەی جەستەت دەکەن
بۆ جارێکیش نەیان توانی کۆت کەنەوە
خەندەیەکیش
بۆ منداڵی خانەوادە لە کیس چویشت
بۆ سەر لێوی بهێنەوە
شانزە ساڵە
ئەم ئیمراتۆری وەهمە
دەستی لەسەر سکی تێرەو

پەیمانی ڕەنگاڵەشیان
بە  شانزەی سێی ساڵت فێرەو
بەڵێنیان
وەک شوشەی شەرابی دەستی فاحیشەکان
وەک دوا قومی
ترش و تاڵ وتفت و خەستیان
لە ئاهەنگ و زەماوەندی شەوی سوریان
بە ڕوماندا  دەشکێنن
دەپرژێنن
جاری بە سوێند
تاوێ بە شەق
گاە بە تف و
گاە بە زیندان
ئای لەپیاوەتی و نەجابەتیان!!!

* * * * * * * * * *

ئاە نیشتیمانە بی کەسەکەم
لەم دوورەوە
لەم دوا ویستگەی مەنفاوە
دەستم بەتاڵ
دڵم خومار
گریانێکی هەمیشەیی و
عەشقم بەتاڵ
خەمی گەورەت
ها لە پریاسکەی غوربەتم
تەمەن بەرەو ژور هەڵ دەکشێ
زۆر دەترسم
بە فریای پێکەنینێک و
دەست لە ملی ئێوارەیەکی (مۆردانە) و
فاتیحەیەکی (گوڵان ) و
پیاسەیەکی دەم باخەکەی (مەحموی یار وەیس) نەکەومەوە
لە پایز ێکی ( تریفە ) و (مۆردین ) ندا
کۆچی گەرمیان و کوێستانی
عێلی جاف و

**باڵندەکان نەبینمەوە**
*** * * * * * * * * ***

**ئاخ نیشتیمانە سوتماکەکەم**
**شانزە ساڵە**
**نەیان توانی چرایەک دەبگیرسێنن لە دڵتدا**
**بۆ کاروانت تروسکە بێت**
**لە شەوی یەڵداو تارتدا**
**بەلەمێکیان پی نەبەخشیت**
**بتباتەوە بۆ ئەو دیوو بێزاری دەریا**
**ترشیان کرد شەونمی گەڵای بەیانیانت**
**تا بۆ منی مەنفا نشین   لە دوورەوە**
**تینیوێتی زمانی غوربەتم بشکێنێ**
**لەو کاتەوە**
**گۆرانیەکمان گوێ لێ نەبوو بە دەنگی(خولەی ئەمنە لۆری)**
**بە شمشاڵەکەی (مینەی لولە ژەن )**
**لە پێش عەشق**
**دڵیان پارچە نەکردبێ**
**لە گەلەری ماڵە هەڵەبجەیەک  نەمان دی**
**خەندەی تابلۆیەک بۆ ژیان**
**تەنهاو تەنها**
**خەم و حەسرەت**
**یەک پارچە زوخاوو گریان**